کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-6-2007 16:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سزای ئەنفال ... شێروان بێ دڵ



ئەمڕۆ دادگا
میحنەتیمان ئەتەکێنێ
سزای ئەنفالچیەکان
گوڵاو بەسەر
گۆڕی شەهیدان ئەڕژێنێ
ئەمڕۆ ئازار
لە جەستەی شەکەتبووی ئەنفالا
تاقە وێنە و
پۆستەری
برینێکی پڕ لە ژانە
نزا و دوعای دایکی شەهید
زیندانی کرد
دروستکەری دەستی ئەنفال
ئەمڕۆ لەناو وەچەخانی
زەمەنێکی
محینەتیدا
زەردەپەڕەی ئەنفال دیارە
دەنگی شەهید
ئاوازێکی چەند بەسۆزە
بەکوشتنی
ئەنفال کەران
ئەمڕۆ نەورۆز دوو نەورۆزە
چیتر ناڵێم
لەگەڵ خەما دەست و پەنجەم
تێکەڵاوە
مەملەکەتی ئەنفال بووی من
ئێستا هەقی وەرگیراوە
ئەو دەستە پیس و ڕەشانەی
بوونە ڤیارۆس
بۆ کۆمەڵگا
ئەمڕۆ لەناو زیندانێکا
دانراوون
چاوەڕوانی پەتی مەرگ و
سێدارانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەنگیان خنکاو زمانیان بڕاو
بەرامبەر ڕووداوی
دڵ تەزێن
بەرامبەر شەهیدانی هەڵەبجە
ئەنفال چیەکان ڕێسوا دەبن
دایکی شەهید
چەپکێک گوڵی گرتە دەستی
لە خۆشیا سەما دەکات
هەردوو دەستی....
زوهرەی شادی
دەمی ژەنیوە بەلێوان
باڵندەکان
ئازاد بووینەو
دەفڕن بەرەو لووتکەی کێوان
وا بەهاری
تەمەنی ونوێمان گەڕاوە
ئیتر ناڵێین
لە ئەنفالا
مەیتی کوڕمان نەدۆزراوە
ئەو ئاسمانە پڕ لە هەورە
هەڵ ئەواسین
کە ئاسمانمان ئەخنکێکێت
ئەمڕۆ خوێنی
شەهیدانمان
وەک پرووشکە شووشە دیارە
ئەمڕۆ شادی
تاقە بزەی لێوی یارە
لەم ئاهەنگە
ڕەنگینەدا
پەلەوەر و زیندەوەرەکانیش
بەشدارن
عاشقەکان
گوڵیان بۆ هەڵەبجە هێناوە
لەگەڵ سربی پەپولەکان
باڵندەکان
ئارایشیان لە خۆداوە
بۆ نەمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەنفال چیەکان پۆل پۆلهاتوون
سەما دەکەن
دەلێن ئۆخەی
خوێن ڕێژەکان ڕیسواکران
ڕاپێچکران
بۆ ڕێی مەرگ و ترس و نەمان
بەنەمانی ئەو دورِوندانەش
هەلئەمالین
لە مێژوومان
ڕۆژی ئەنفال ڕۆژێکی ڕەش
ئەو ڕۆژانەی
کە هەلەبجە سزا ئەدراو
ئەخنکێنرا
بەگازی ڕەش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.